# هەڵوەشاندنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی لە یاسای بازرگانی عێراقیدا بەراورد بە ستانداردی ژوری بازرگانی نێودەوڵەتی UCP 600

علی طه اکرم[1] - یونس عثمان علی[2]

[1+2] بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەولێر، هەرێمی کورستان، عێراق

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە کە دەربارەی (هەڵوەشاندنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی لە یاسای بازرگانی عێراقیدا بەراورد بە ستانداردی ژوری بازرگانی نێودەوڵەتی UCP 600)ە، توێژینەوەیەکی بەراوردکاری و شیکاریە، و هەوڵێکی زانستیە کە تێدا تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی و کاریگەری و شوێنەوارەکانی بەپێی ستانداری جیهانی (UCP 600) کە لە لایەن ژوری بازرگانی نێودەوڵەتییەوە دەردەچێت، پاشان بەراوردی دەکات بە یاسای عێراقی بەمەبەستی دەست نیشانکردنی ئەو کەموکوڕییانەی کە لە یاسای عێراقیدا بونیان هەیە، بۆ ئەوەی لە داهاتوێکی نزیکدا بتوانرێت یاسای بازرگانی عێراقیش هاوشانی ستانداردی جیهان بێتە مەیدان و کەموکوڕییە یاساییەکان چارەسەربکرێن.

متمانەپێدراوی قەواڵەیی ئامرازێکی گرنگە لە بواری بازرگانی نێودەوڵەتی کە وادەکات جوڵەی بازرگانی خێرا بێت لە نێوان وڵاتان و ترس و دڵەڕاوکێ کەمبێتەوە لای بازرگانان و ئەوانەی سەرقاڵی کاری بازرگانین، چونکە ترس و دڵەڕاوکێ لە کۆتاییدا چالاکی بازرگانی خاودەکەنەوە. بێگومان یاسا دەبێت ڕۆڵ بگێڕێت لە ڕێکخستنی کردارێکی گرنگی لەم چەشنە بە باشترین شێوە.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک دەرئەنجام و پێشنیاری یاسایی لە کۆتاییدا وەک چارەسەر پێشکەشی خوێنەران و توێژەران دەکات کە پێویستە لەبەرچاوبگیرێن لە یاسای بازرگانی عێراقیدا لە داهاتودا لە ئەگەری هەر هەموارکردنەوەیەکدا کە بەسەر ئەم یاسایەدا بێت.

**کلیلە وشەکان:** متمانەپێدراوی قەواڵەیی، یاسای بازرگانی عێراقی، UCP 600، ژوری بازرگانی نێودەوڵەتی، هەڵوەشاندنەوە.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper39
**Received:** 23-May-2023
**Accepted:** 01-Aug-2023
**Published:** 29-Dec-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
ali.akram@su.edu.krd
younis.ali@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

### یەکەم - دەروازەیەک بۆ ناساندنی بابەتی توێژینەوە:

یاسا بەردەوام هەوڵ دەدات بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گونجاو بپارێزێت. لەوانەش بەرژەوەندی بازرگانان و ئەوانەی کاری بازرگانی ئەنجامدەدەن کە ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە بەرزکردنەوەی ئابوری وڵات و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا.

متمانەپێدراوی قەواڵەیی خزمەتگوزارییەکی بانکییە بۆ بازرگانان کاتێک لە وڵاتی جیاوازدان و هەوڵی بەیەکگەیشتن دەدەن و دەیانەوێت مامەڵەو ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەنجام بدەن. پرۆسەی دەرکردنی متمانەپێدراوی قەواڵەیی دەست پێدەکات کاتێک کڕیار (هاوردەکار) و فرۆشیار (هەناردەکار) لەسەر گرێبەستی فرۆشتن ڕێکدەکەون، بۆیە کاتێک (هەناردەکار و هاوردەکار) لە دو وڵاتی جیاواز ودور لەیەکن ڕەنگە کێشەی متمانەیان هەبێت، و بیانەوێت بێ دڵەڕاوکێ و ترس ئاڵوگۆڕییە بازرگانییەکەیان ئەنجامبدەن، متمانەپێدراوی قەواڵەیی ئەو ئاسانکارییە بۆ لایەنەکان دەکات کە وادەکات کارەکانیان بە ئاسانی ڕاییبکەن و لە داهاتودا کێشە لە نێوانیاندا دروست نەبێت، لێرەدا بانک وەک لایەنی سێیەم دێتە نێوانیان بۆ پێدانی گرەنتی، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی ڕۆڵی هەبێت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی ئەنجامدانی بازرگانی نێودەوڵەتی بەبێ بونی کێشە یاخود کەمکردنەوەی کێشەکانی بازرگانی نێودەوڵەتی کەواتە بانک لە ڕێگای دەرکردنی ئەو قەواڵەیە دەیەوێت ڕۆڵی نێوندگیری بگێڕێت و گرەنتی بدات بە لایەنەکان بێ ترس کاری بازرگانی خۆیان ئەنجام بدەن.

چۆنیەتی هەڵوەشانەوەی ئەو قەواڵەیە بابەتێکی هەستیارە و ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنەکانی بەشدار لە دەرکردنی. جا لێرەدا ئەو توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر هەڵوەشانەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی و کاریگەرییەکانی، هەروەها هەڵدەستێت بە شیکردنەوە و بەراوردکردنی یاسای بازرگانی عێراقی بە ستانداردی جیهانی ژوری بازرگانی نێودەوڵەتی (UCP 600)، پاشان دەستنیشانکردنی ئەو کەموکوڕییە یاساییانەی کە لە یاسای بازرگانی عێراقی بەدیدەکرێن و خستەڕوی چارەسەری یاسایی دەربارەیانەوە.

## دووەم - گرینگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەتوانرێت کورت بکرێتەوە لەم سێ خاڵەی خوارەوە:

١. بۆ کەسانی پەیوەندیدار بەکاری بازرگانی نێودەوڵەتی گرنگە بە هۆی خستنەڕوی چۆنیەتی هەڵەوەشاندنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی بە پێی ستاندردی جیهانی کە ئاستی پێشکەوتنی جیهانی لەو بوارەدا ڕوندەکاتەوە و کاریگەری لەسەر دیاریکردنی ئاستی متمانەیی نێوان بازرگان دەردەخات.

٢. بۆ یاسادانەر گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەموکوڕییە یاسایانەی کە لە یاسای بازرگانی عێراقیدا بونی هەیە دەربارەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی بەتایبەتی دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی بۆ ئەوەی لە داهاتودا تێبینیەکان لەبەرچاوبگیرێت لە کاتی هەمووارکردنەوەی یاسای بازرگانی عێراقیدا.

٣. بۆ بازرگانان و ئەوانەی سەرقاڵی کاری بازرگانی نێودەوڵەتین گرنگە شیکردنەوەی بابەتێکی هەستیاری لەم شێوەیە بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاوڕون بن زیاتر ئاگاداری یاسا و کەموکوڕییەکانی بن.

## سێیەم - ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجمان لەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ئەو کەموکورتییە یاسایانەیە کە لە یاسای بازرگانی عێراقیدا بونی هەیە دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی، و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەو کەموکوڕیانە و خستنەڕوی پێشنیاری یاسایی بۆ چارەسەرکردنی بەشێوەیەک بگونجێن لەگەڵ ستانداردی جیهانی UCP 600.

## چوارەم - کێشەی توێژینەوە:

نەبونی یاسایەکی گونجاو لە عێراقدا کە هەستێت بە ڕێکخستنی متمانەپێدراوی قەواڵەیی بەشێوەیەکی گشتگیر و بەتایبەت لایەنی چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی بە شێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ ستانداردی جیهانی، لێرەدا چەندین پرسیار ڕەنگە گەلاڵە بێت لە بیر و هزری هەر یاساناسێک، لەوانە: ئایا ئەو کەموکوڕیانە چین کە لە یاسای بازرگانی عێراقیدا بونیان هەیە دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی؟ ئایا کاریگەری هەڵوەشاندنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی چییە لەسەر لایەنەکانی قەواڵەکە (داواکار، بانک، سودمەند)؟ چۆن دەتوانرێت کەموکوڕییەکانی ڕێکخستنی متمانەپێدراوی قەواڵەیی چارەسەربکرێت بۆ ئەوەی یاسایەکی گونجاو دابڕێژرێت بۆ ڕێکخستنی متمانەپێدراوی قەواڵەیی بە شێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم و ستانداردی جیهانی UCP 600؟ ئەو کێشانە چین کە ڕوبەڕوی لایەنەکانی بەشدار لە کردنەوەی قەواڵەکە دەبنەوە ئەگەر هاتو یاسای جێبەجێکار (قانون واجب التطبيق) یاسای عێراقی بو؟

لەدوتوێی توێژینەوەکەماندا هەوڵی خۆمان دەخەینەگەڕ بۆ شرۆڤەکردنی ئەم بابەتانە و خستنەڕوی وەڵامی گونجاو بۆ یەکە بەیەکەی ئەم پرسیارانەی سەرەوە.

## پێنجەم - چوارچێوەی توێژینەوە:

بابەتی توێژینەوە پەیوەستە بە هەڵوەشاندنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی بەپێی UCP 600 وەک ستانداردی جیهانی و یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٨٤ بەشێوەیەکی گشتی و تیشک خستنە سەر ئەو بۆشاییە یاساییانە و کەموکوڕیانەی کە لە یاسای عێرقیدا بونیان هەیە لەم بوارەدا پاش بەراوردکردنیان بە ستانداردی ژوری بازرگانی نێودەوڵەتی.

## شەشەم - ڕێبازی توێژینەوە:

لە توێژینەوەکەماندا پشتمان بە ڕێبازی شیکاری کە تێدا دەقە یاساییەکانی پەیوەست بە متمانەپێدراوی قەواڵەیی شرۆڤە و شیکردۆتەوە لە یاسای بازرگانی عێراقی، هەروەها ڕێبازی بەراوردکاری بەکارهاتوە تێدا دەقە یاساییەکانی یاسای بازرگانی عێراقی بەراوردکراوە بە بنەماکانی ستانداردی جیهانی UCP 600.

## حەوتەم - پلانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت:

**لە بەشی یەکەم تیشک خراوەتە سەر:** پێناسەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی، و **لەبەشی دوەم ئاماژەمان بە:** هەڵوەشاندنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی کردوە ئەمە لە کاتێکدا لە **بەشی سێیەمدا باس لە:** شوێنەوارەکانی هەڵوەشانەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی کراوە.

## ١. متمانەپێدراوی قەواڵەیی:

بنەمای ڕێکخستنی متمانەپێدراوی قەواڵەیی لەلایەن ژوری بازرگانی نێودەوڵەتییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٣٣ تا دەگاتە دەرچونی ستانداردی UCP 600 کە لە ئێستادا ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە ڕێکخستنی متمانەپێدراوی قەواڵەیی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان (Alavi, 2019, 35-36). ئەم بنەماییانە بە تێپەڕبونی کات لەلایەن ژوری بازرگانی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری بەسەر داهاتوە چەند جارێک هەموارکراوەتەوە و پێداچونەوەی پێداکراوە تا گەیشتۆتە ئەو ئاستە پێشکەوتوەی کە بازرگانان و بانکەکان و ئەوانەی سەرقاڵی کاری بازرگانی نێودەوڵەتین لە زۆربەی وڵاتان پەنای بۆ ببەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی و دروست و ڕێکوپێک کارە بازرگانیەکانیان ئەنجام بدەن (Che Hasyim, 2016). لەگەڵ ئەوەشدا لە یاسای ناوخۆیی زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ڕێکخستنی تایبەت بۆ متمانەپێدراوی قەواڵەیی کراوە، لە یاسایی عێراقیشدا بەهەمان شێوە ڕێکخراوە لە چوارچێوەی یاسای بازرگانی بە دە مادده لە مادده ٢٧٣ تاوەکو ٢٨٢ (یاسای بازرگانی عێراقی، ١٩٨٤). لەم بەشەدا هەوڵدەدەین لە ڕێگای پێناسەکردنی

متمانەپێدراوی قەوڵەیی بە گوێرەی هەر یەکە لە ستانداردی جیهانی کە لەلایەن ژوری بازرگانی جیهانی دەردەچێت و ناسراوە بە UCP 600، هەروەها یاسای بازرگانی عێراقی، متمانەپێدراوی قەواڵەیی بناسێنین بەم شێوەی خوارەوە:

### ١.١ پێناسەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی:

لێرەدا هەوڵ دەدەین پێناسەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی بکەین بەپێی هەریەک لە بنەماکانی UCP 600 و یاسای بازرگانی عێراقیدا و جیاوازی نێوانیان بخەینەڕو و پاشان تێبینی و سەرەنجمان لە بارەیانەوە بخەینەڕو:

### ١.١.١ پێناسەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی لە UCP 600:

بەسەرنجدان لە مادده (٢) لە UCP 600 وەک ستانداردی جیهانی لە کاتی پێناسەی قەواڵەدا وشەی (بەڵێن-تعهد) بە کاردێنێت کە دەڵێت (قەواڵە بەڵێنێک دروست دەکات لە سەر بانکی دەرکردە) (UCP 600, 2007). بەگوێرەی ئەو بەڵێنە هەر کات بانکی دەرکردە ئەو دۆکۆمێنتانەی پێشکەشکرا کە داواکراون بۆ پێدانی پارەکە ئەوە دەبێت بەڵێنەکەی خۆی بهێنێتەجێ و پارەکە بدات (Ullah Khan and Fareed, 2020, 96). سەرەڕای ئەم پێناسەی سەرەوە هەروەها ڕێنیشاندەری بانکی کە لەلایەن ژوری بازرگانی نێودەوڵەتی دادەنرێت لە ساڵی ١٩٧٨ دەربارەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی بەشێوەیەکی پوخت دەڵێت متمانەپێدراوی قەواڵەیی بریتییە لە بەڵێندانێکی بانکی مەرجدار، بە شێوەیەکی فراوانتر بریتییە لە نوسراوێک لە بانک بۆ کەسی سودمەند دەردەچێت بە شێوەی بەڵێن لەسەر داوایەکی پێشکەشکراو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دوای پێشکەشکردنی ئەو بەڵگانەی کە داوای دەکات بانک (Scheller, 2008, 12).

کەواتە دەکرێت بڵێین بە گوێرەی UCP 600 متمانەپێدراوی قەواڵەیی بەڵێنێکە لەلایەن بانکەوە دەدرێت بە کەسی سودمەند بەلام بانک لەبەرامبەر بەجێگەیاندنی بەڵێنەکەی کۆمەڵێک مەرجی هەیە، هەر بۆیەشە ڕێنیشاندەری بانکی هەروەک لەسەرەوە باسمان کرد بە بەڵێنێکی بانکی مەرجدار پێناسەی متمانەپێدراوی قەواڵەی دەکات.

ئەوەی تێبینی دەکرێت سەرەڕای پێناسەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی، UCP 600 لە مادده (٢)دا پێناسەی هەمو ئەو دەستەواژانە و لایەنانەشی کردوە کە بەشدارن لە کردنەوەی قەواڵەکە بە پێچەوانەی یاسای بازرگانی عێراقی کە پێناسەی هیچ کام لەم دەستەواژانەی نەکردوە وەک پێشکەشکار، سودمەند، بانکی دەرکردە، بانکی پەسەندکار، ئەمەش وادەکات چەندین گرفتی ڕاڤەکردن لەکاتی هەبونی کێشە لەسەریان دەربکەوێت، واباشتربو یاسادانەری عێراقی بەهەمان شێوەی بنەماکانی UCP 600 ئەو دەستەواژانەی ڕون بکردبایەوە (UCP 600, 2007)

### ٢.١.١ پێناسەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی لە یاسای بازرگانی عێراقیدا:

جێگای ئاماژەیە لە برگە (١) لە مادده ٢٧٣ لە یاسای بازرگانی عێراقیدا بەم شێوەیە پێناسەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی کردوە: (متمانەپێدراوی قەواڵەیی گرێبەستێکە کە تێدا بانک بەڵێن دەدات کە قەواڵەیەک بکاتەوە لەبەرژەوەندی کەسی سودمەند (مستفید) لەسەر بنەمای ئەو داواکارییەی پێشکەشیکراوە بە کردنەوەی قەواڵەکە بە گرەنتی ئەو دۆکۆمێنتانەی کە خۆی دەبینێتەوە لە کاڵایی گوازراوە یان کاڵایی ئامادەکراو بۆ گواستنەوە) (الاعتماد المستندي عقد يتعهد المصرف بمقتضاه بفتح اعتماد لصالح المستفيد بناء على طلب الامر بفتح الاعتماد، بضمان مستندات تمثل بضاعة منقولة او معدة للنقل) (یاسای بازرگانی عێراقی، ١٩٨٤). لێرەدا دەبینین یاسادانەری عێراقی لە کاتی پێناسەکردنی متمانەپێدراوی قەواڵەی وشەی (گرێبەست) بە کاردێنێت بە پێچەوانەی UCP 600 کە وشەی (بەڵێن) بەکاردێنێت بۆ پێناسەکردنی متمانەپێدراوی قەواڵەیی بەبێ ئەوەی ئاماژە بە وشەی (گرێبەست) بکات.

لە برگەی (٢) هەمان مادده ئاماژە بەوە دەکات (گرێبەستی متمانەپێدراوی قەواڵەیی سەربەخۆیە لەو گرێبەستەی کە بۆتە هۆی کردنەوەی قەواڵەکە، و بانک پەیوەندی نییە بە گرێبەستی دوەمیانەوە و لایەنێکی بیانییە تێدا.) (عقد الاعتماد المستندي مستقل عن العقد الذي فتح الاعتماد بسببه ويبقى المصرف اجنبيا عن هذا العقد) (یاسای بازرگانی عێراقی، ١٩٨٤). لێرەدا یاسا دانەری عێراقی مەبەستی لە گرێبەستی فرۆشتنە کە پێشتر لە نێوان کڕیار و فرۆشیاردا بونی هەبوە و تییدا مەرج دانراوە بە کردنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی بۆ ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، یاسادانەر لێرەدا بانک دوردەخاتەوە لە هەر بەرپرسیاریەتیەک کە دروست ببێت لە داهاتودا لە ئاکامی هەبونی هەر هەڵەیەک یان جێبەجێ نەکردنێک لە خالەکانی گرێبەستەکەدا (Al Ayub Ahmed et al., 2021, 3). بۆیە قەواڵەکە سەربەخۆیە لە گرێبەستی فرۆشتن کە سەرەتا لە نێوان کڕیار و فرۆشیار واژوکراوە (Buckley and Gao, 2002, 678).

## ٢.١ گونجاندن و سروشتی یاسایی متمانەپێدراوی قەواڵەیی لەنێوان بەڵێن و گرێبەستدا

سەرباری ئەوەی پێشتر باسکرا ڕاستە گرێبەستێک هەیە لە نێوان کڕیار و فرۆشیار (گرێبەستی فرۆشتن)، کە تێدا هەردو لایەن ڕێککەوتون کە پارەدان لە ڕێگای متمانەپێدراوی قەواڵەیەوە دەبێت، پاشان کڕیار (هاوردەکار) یاخود پێدەوترێت (داواکار) داوایەک پێشکەشی (بانکی دەرکردە) دەکات داوای لێدەکات قەواڵەیەک بکاتەوە لە بەرژەوەندی فرۆشیار (سودمەند) کە بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە (گرێبەستی کردنەوەی قەواڵەکە) بانکی دەرکردە ئەو قەواڵەیە دەکاتەوە بۆ بەرژەوەندی سودمەند (Bergami, 2007, 42)، و ئەو زانیاریانەی کە پێشکەشکراوە لە قەواڵەکەدا دەنوسرێت وەک ڕێکەوتی گەیشتنی کاڵا و جۆری کاڵا و شێوازی گواستنەوەی... هتد، و بانکی دەرکردە ئامادەی دەردەبڕێت بەگوێرەی ئەو ڕێنمایانە و مەرجانەی کە لە کڕیارەو پێگەیشتوە ئامادەیە ئەو پارەیە بدات بە سودمەند (هاوردەکار) یان ئەو بانکەی کە لە شوێنی نیشتەجێبونی سودمەندە (بانکی پەسندکار) ئەگەر ئەو مەرجانە هاتنەدی(Kwaw, 2021, 52-53).

پاشان چاوەڕێ دەکرێت تاوەکو ئەو بانکەی کە لە شوێنی هەناردەکارە (بانکی پەسندکار) پەسەندی داواکەی بانکی دەرکردە بکات و ئامادەیی دەرببڕێت بەوەی هەر کاتێک ئەو دۆکۆمێنتانەی کە بە گوێرەی قەواڵەکە داواکراوە سودمەند پێشکەشی کرد ئەوە پارەکەی پێدەدات بە پێچەوانەوە ئەو پارەیە نادات بە سودمەند تەنیا ئەگەر کڕیار دەست لە مافی خۆی بەربدات (امین، ٢٠١٠، ١١٩–١٢٠)، بۆیە بانکی دوەم (بانکی پەسندکار) ئاگاداری سودمەند دەکاتەوە کەوا قەواڵەکە ئامادەیە و کراوەتەوە ، ئەگەر سودمەند (هەناردەکار) ڕازی بو بە قەواڵەکە، دەستدەکات بە پرۆسەی هەناردەکردن، پاشان هەمو ئەو دۆکۆمێنتانە نیشانی بانکی پەسەندکار دەدات کە کڕیار داوای کردبو بۆ ئەوەی پارەی خۆی وەربگرێت لە بانکی پەسندکار، بانک بە باشی لە دۆکۆمێنتەکان دەکۆڵێتەوە ئەگەر هاوتا بون لەگەڵ مەرجەکانی کڕیار پارەکە دەداتە فرۆشیار (سودمەند) بە پێچەوانەوە ڕەتی دەکاتەوە پارەکە بدات، ئەگەر پارەکەی دا ئەوە دواتر ئەو پارەیە لە بانکی دەرکردە وەردەگرێتەوە (الجوراني، 2017، 269–268).

بەڵام لە ئەنجامی ئەو جیاوازیەی لە نێوان یاسای بازرگانی عێراقی و UCP 600 هەیە لەمەڕ پێناسەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی، پرسیارێکمان لەلا گەڵاڵە دەبێت ئەویش خۆی دەبینێتەوە لەوەی ئایا خودی متمانەپێدراوی قەواڵەیی گرێبەستە یان بەڵێندانە؟ بۆچونێک وای دەبینێت متمانەپێدراوی قەواڵەیی لە ئەنجامی بونی گرێبەست یاخود چەند گرێبەستێک دێتە ئاراوە، بەڵام خودی قەواڵەکە گرێبەست نییە بە پێچەوانەی ئەو پێناسەیەی کە لە یاسای عێراقیدا هاتوە بەڵکو بەڵێنەکە بانک دەیدات بە سودمەند، سودمەند لایەنەک نییە لەو بەڵێنە پابەندیش نییە تێدا بەڵکو بانک پابەندە تێدا کە لەسەر داوایەکی پێشکەشکراو بەرامبەر گرەنتیەک هەستاوە بە کردنەوەی ئەو قەواڵەیە، گرێبەست بە لایەنی کەم واژوی دو لایەنی لەسەرە (Reinhard Längerich, 2009, 49). هەروەها وەک دەزانرێت و هاتوە لە مادده 73 لە یاسای شارستانی گرێبەست بریتییە لە بەیەکگەیشتنی پێشکەشکردن (خستنەڕو–ایجاب) و ڕەزامەندی (قبول) (العقد هو ارتباط الايجاب الصادر من أحد العاقدين بقبول الآخر على وجه يثبت أثره في المعقود عليه) (یاسای شارستانی عێراقی، ١٩٥١).

هەروەها بە سەرەنجدان لەو پێناسەیەی کە لە یاسایی بازرگانی عێراقیدا هاتوە لەوێش بۆمان دەردەکەوێت خودی متمانەپێدراوی قەواڵەیی بەڵێنێکە، با بپرسین چۆن؟ لە وەڵامدا دەڵێن ئەگەر وردبینەوە لەو پێناسەیەی کە لە مادده ٢٧٣ (١) هاتوە ، دەبینین ئەو پێناسەیە لە دو بڕگە پێکدێت، یەکەمیان (گرێبەست) لێرەدا یاسادانەری عێراقی مەبەستی گرێبەستی کردنەوەی قەواڵەکەیە کە لە نێوان (بانکی دەرکردە) و ئەو کەسەیە کە داوای کردنەوەی قەواڵەکە دەکات (داواکار)، قەواڵەکە بەگوێرەی ئەو گرێبەستە دەکرێتەوە. دوەمیان (بەڵێن) لێرەدا یاسادانەری عێراقی مەبەستی خودی قەواڵەکەیە کە بانک دەیکاتەوە تێدا بانک بەڵێنێک بە (سودمەند) دەدات، بەڵام بە مەرجی ئەوەی سودمەند با پەندی ئەو داواکاریانە بێت کە بانک لێی دەکات، ئەو داواکاریانەش لە بنەڕەتدا هی داواکارن (ئەو کەسەی داوای کردنەوەی قەواڵەکەی کردوە). بۆیە دوبارە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو پێناسەیەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە دەڵێت (متمانەپێدراوی قەواڵەیی بەڵێنێکی مەرجدارە).

## ٢. هەڵوەشاندنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی

متمانەپێدراوی قەواڵەیی دەکرێت هەڵبوەشێنرێتەوە یان کۆتایی پێبهێنرێت (الغاء). بەڵام جیاوازە کاتێک لایەنەکان خۆیان بیانەوێ و ئاماژەی پێبکەن کە قەواڵەکە دەکرێت هەڵبوەشێتەوە لەگەڵ ئەوەی لایەنەکان لە گرێبەستی نێوانیان ئاماژەی بۆ نەکەن بە هەڵوەشانەوەی قەواڵەکە، بۆیە لێرەدا هەردو بار ڕون دەکەینەوە و هەڵوێستی یاسایی لە بارەیانەوە دەخەینەڕو بەم شێوەی خوارەوە:

### ١.٢ ئەگەر لایەنەکان ئاماژەیان بەهەڵوەشانەوەی (الغاء) متمانەپێدراوی قەواڵەیی کردبو:

لایەنەکان بۆیان هەیە و دەتوانن ڕێکبکەون لەسەر ئەوەی قەواڵەکە دەکرێت هەڵبوەشێتەوە لە هەرکاتێکدا، یاخود ئاماژە بەوە بکەن تا کۆتایی هاتن بە پرۆسەکە ئەو قەواڵەیە ناکرێت هەڵبوەشێتەوە (صالح، 1987، 325). هەروەک چۆن مادده 275 (1) لە یاسایی بازرگانی ئاماژەی پێداوە کە دەڵێت: (دەکرێت متمانەپێدراوی قەواڵەیی تەواو بێت و توانای هەڵوەشانەوەی نەبێت و دەکرێت توانای هەڵوەشاندنەوەی هەبێت) (يجوز ان يكون الاعتماد المستندي باتا او قابلا للالغاء) (یاسای بازرگانی عێراقی، 1984).

ئەمە لەکاتێدا مادده 3 لە UCP 600 ئاماژە بەوە دەکات (قەواڵە ناکرێت هەڵبوەشێتەوە تەنیا ئەگەر بە ڕاشکاوانە و ئاشکرا ئاماژەی پێکرابو) "A credit is irrevocable even if there is no indication to that effect" (UCP 600، 2007). کەواتە بەپێی ستانداردی ژوری بازرگانی نێودەوڵەتیش قەواڵە دەکرێت هەڵوەشاوەبێت و دەکرێت توانای هەڵوەشاندنەوەی نەبێت.

کاتێک لایەنەکان ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی کە قەواڵەکە دەکرێت هەڵبوەشێتەوە مانای وایە (بانکی دەرکردە هەر کاتێک بیەوێت هەتاوەکو بەبێ ئەوەی ئاگاداری فرۆشیار (ئەو کەسەی قەواڵەکە لە بەرژەوەندی ئەو کراوەتەوە) بکاتەوە قەواڵەکە هەڵدەوەشێنێتەوە یان هەمواری دەکات هەر لە خۆیەوە یان لەسەر داوای ئەو لایەنەی فەرمانی بە کردنەوەی قەواڵەکە کردوە)، هەروەک چۆن لە مادده ٢٧٦ (١) لە یاسای بازرگانی ئاماژەی پێداوە، (لا يترتب على عقد الاعتماد المستندي القابل للالغاء اي التزام على المصرف تجاه المستفيد ويجوز للمصرف تعديله أو الغاؤه من تلقاء نفسه أو بناء على طلب الامر) (یاسای بازرگانی عێراقی، 1984).

بەپێچەوانەوە ئەگەر قەواڵەکە توانای هەڵوەشانەوەی نەبێت ئەوە واتە بانک ناتوانێت تاک لایەنە دەستکاری قەواڵەکە بکات و هەڵیبوەشێنێتەوە یان هەمواری بکات بەبێ ڕەزامەندی سەرجەم لایەنەکان، هەروەک چۆن لە مادده ٢٧٧ (٢) لە یاسای بازرگانی هاتوە، (لا يجوز الغاء الاعتماد المستندي البات او تعديله الا باتفاق جميع ذوي الشأن فيه) (یاسای بازرگانی، 1984). هەروەها لە مادده ١٠ لە UCP 600 هاتوە (ناکرێت گۆڕانکاری لە قەواڵە بکرێت بەبێ ڕەزامەندی هەریەک لە بانکی دەرکردەو بانکی پەسەندکار ئەگەر هەبێت لەگەڵ ئەو کەسەی لە بەرژەوەندی ئەو قەواڵەکە کراوەتەوە) "a credit can neither be amended nor cancelled without the agreement of the issuing bank, the confirming bank, if any, and the beneficiary". (UCP 600, 2007). بێگومان لێرەدا

مەبەستی ئەوەیە کاتێک قەواڵەکە توانای هەڵوەشانەوەی نەبێت ئەو کات پێویستە هەر گۆڕانکارییەک لەو قەواڵەیە مۆڵەتی پێشوەختەی بۆ وەربگیرێت (العيساوي و حمد، ٢٠١٨، ٣١١).

## ٢.٢ ئەگەر لایەنەکان ئاماژەیان بەهەڵوەشانەوە (الغاء) متمانەپێدراوی قەواڵەیی نەکردبو:

ئەگەر هاتو لایەنەکان ئاماژەیان بەوە نەکردبو کە قەواڵەکە دەکرێت هەڵبوەشێتەوە یاخود نا، یان لە بیریان کردبو ئاماژەیی پێ بکەن، دەبینین هەڵویستی یاسادانەری عێراقی جیاوازە لەم بارەدا لە هەڵوێستی ستانداردی جیهانی UCP 600، بۆیە لێرەدا هەڵوێستی هەر یەک لە ژوری بازرگانی نێودەوڵەتی لەچوارچێوەی بنەماکانی UCP 600 وەک ستانداردی جیهانی و هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی لەم بارەوە بە جیا دەخەینەڕو بەم شێوەی خوارەوە:

### ١.٢.٢ هەڵوێستی UCP 600 دەربارەی ئەوەی ئەگەر لایەنەکان ئاماژەیان بەهەڵوەشانەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی نەکردبو:

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد مادده (٣) لە UCP 600 ستانداردی ژوری بازرگانی نێودەوڵەتی دەڵێت قەواڵە ناتوانرێت هەڵبوەشێتەوە ئەگەر هیچ ئاماژەیەکی پێنەکرابو، واتە ئەگەر لایەنەکان ئاماژەیان بەوە نەکردبو ئەو قەواڵەیە کە دەرکراوە لە داهاتودا دەکرێت هەڵبوەشێتەوە یاخود ناکرێت هەڵبوەشێتەوە، یان بە دەربڕێنێکی تر ئەگەر هیچ ئاماژەیەک نەبو لە قەواڵەکەدا بە بابەتی هەڵوەشاندنەوە، یاخود لایەنەکان لە بیریان کردبو ئاماژە بە بابەتی هەڵوەشاندنەوەی قەواڵەکە بکەن، ئەوە مانای وایە قەواڵەکە ناکرێت هەڵبوەشێتەوە. بەمەش بانک ناتوانێ لە خۆیەوە گۆڕانکاری بکات لە خودی قەواڵەکە یاخود هەڵیبوەشێنێتەوە بەبێ ڕەزامەندی لایەنەکانی تر (يالملكي، ٢٠١٢، ٣٢٩-٣٣٠).

ئەگەر سەرنج بدەین ئەو هەڵوێستەی UCP 600 زیاتر لەگەل لۆژیک و مەنتق و دادپەروەری دەگونجێت لەبەر سێ هۆکار، یەکەم خودی متمانە پێدراوی قەواڵەیی ئامرازێکی گرەنتییە بۆ ئەوەیە گرەنتی بدات بە فرۆشیار دەستەبەری مافی خۆی بکات بۆیە ناکرێت ئەو گەرەنتیە لەبەرچاو نەگیرێت، دوەم ئەگەر لایەنەکان بیان ویستبا قەواڵەکە هەڵوەشاوەبێت ئەوە ئاماژەیان پێدەدا، سێیەم سروشتی مرۆڤ وایە ڕەنگە شت لەبیر بکات بۆیە ڕەنگە هەندێک جار لایەنەکان لەبیر بکەن بنوسن کە ئەو قەواڵەیە ناکرێت هەڵبوەشێتەوە. بۆیە پشتگیری هەڵوێستی ستانداردی جیهانی UCP 600 دەکەین و بە هەڵوێستێکی دروست و دادپەروەرانەی دادەنێین.

### ٢.٢.٢ هەڵوێستی یاسای بازرگانی عێراقی دەربارەی ئەوەی ئەگەر لایەنەکان ئاماژەیان بەهەڵوەشانەوە متمانەپێدراوی قەواڵەیی نەکردبو:

ئەوەی تێبینی دەکرێت هەڵوێستی یاسای بازرگانی ڕێک پێچەوانەی هەڵوێستی زۆری بازرگانی نێودەوڵەتییە، هەروەک چۆن لە مادده ٢٧٥ (٢) هاتوە (متمانەپێدراوی قەواڵەیی دەکرێت هەڵبوەشێتەوە ئەگەر لایەنەکان بەشێوەیەکی ڕون ڕێکنەکەوتبون لەسەری) (يكون الاعتماد قابلا للالغاء ما لم يتفق صراحة على خلاف ذلك) (یاسای بازرگانی عێراقی، 1984). واتە بەپێی یاسای بازرگانی عێراقی ئەگەر لایەنەکان لە قەواڵەکەدا ئاماژەیان بەوە نەکردبو کە ئەو قەواڵەیە ناکرێت هەڵبوەشێتەوە لە داهاتودا ئەوە مانای وایە ئەو قەواڵەیە دەکرێت هەڵبوەشێتەوە لەهەر کاتێکدا بێت، بۆیە بۆ بانکی دەرکردە هەیە گۆڕانکاری لە قەواڵەکە بکات یاخود هەڵیبوەشێنێتەوە هەر کاتێک ویستی، بەبێ ئەوەی ئاگاداری فرۆشیار بکاتەوە یاخود ئاگاداری کەسی سودمەند بکاتەوە (ئەو کەسەی کە لەبەرژەوەندی ئەو قەواڵەکە کراوەتەوە) (Schwank and Mitchell, 1988, 33-35).

هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی لێرەدا توندە و لەگەڵ دادپەروەری و مەنتق یەک ناگرێتەوە و پێچەوانەی ستانداردی جیهانی UCP 600ە، لەبەرئەو دو هۆکارە، یەکەمیان هەروەک ئاماژەمان پێکرد متمانەپێدراوی قەواڵەیی خۆی لە بنەڕەتدا بۆ دروست بونی متمانە و لابردن و ڕواندنەوەی ترس لەنێوان لایەناکانی بازرگانی نێودەوڵەتی دانراوە ئەگەر بێت و توانای هەڵوەشاندنەوەی هەبێت لەهەر کاتێک بانک بیەوێ، ئەو گرەنتیە مانایەکی بۆ نامێنێ هەر بۆیەشە متمانەپێدراوی قەواڵەیی کە دەکرێت هەڵبوەشێتەوە هیچ گرنگیەکی نییە و متمانەیەکی تەواو دروست ناکات(Ibrahim and Al-Rawe, 2020, 649)، هەربۆیەشە UCP 600 خۆی دورخستۆتەوە لە باسکردنیشی تەنانەت بەیەک وشەش باسی نەکردوە (UCP 600, 2007)، دوەمیان سروشتی مرۆڤ وایە دەکرێت شت لەبیر بکات ڕەنگە لایەنەکان مەبەستیان ئەوە بێت کە ئەو قەواڵەیە ناکرێت هەڵبوەشێتەوە، بەڵام لە بیریان کردبێت ئاماژە بەوە بکەن. بۆیە پێمان وایە هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی توندە و لەگەڵ لۆژیک و دادپەروەری و تەنانەت ستانداردی جیهانیش یەک ناگرێتەوە.

لەوەی خستمانەڕو لەسەرەوە بۆمان دەردەکەوێت متمانەپێدراوی قەواڵەیی هەر وەکو لە مادە ٢٧٥ برگەی دوەم لەیاسای بازرگانی عێراقی هاتوە کە متمانەپێدراوی قەواڵەیی لە بنەڕەتدا توانای هەڵوەشاندنەوەی هەیە مەگەر ڕێکەوتنێکی ئاشکرا هەبێت ئاماژە بکات بەوەی توانای هەڵوەشانەوەی نییە بەڵام ئەمە لەکاتێدا لە مادده ٣ لە UCP 600 ئاماژە بەوە دەکات (قەواڵە ناکرێت هەڵبوەشێتەوە تەنیا ئەگەر بە ڕاشکاوانە وئاشکرا ئاماژەی پێکرابو) واتا لە بنەڕتدا بەپێی ئەو بنەمایانە متمانەپێدراوی قەواڵەیی توانای هەڵوەشانەوی نییە مەگەر ڕێکەوتنێکی ئاشکرا هەبێت ئاماژە بکات بەوەی دەتوانرێت هەڵبوەشێنرێتەوە ئەمەش دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە ئەویش ئەوەیە لە حاڵەتی نەبونی ڕێکەوتن لەبنەڕتدا وەکو (أصل) متمانەپێدراوی قەوالەیی لەیاسای عێراقی توانای هەڵوەشانەوەی هەیە، بەڵام لەحاڵەتی نەبونی ڕێکەوتن لە بنەماکانی UCP 600 توانای هەڵوەشانەوەی نییە.

## ٣.٢ کاریگەری دیاریکردنی یاسای جێبەجێکار لەسەر هەڵوەشانەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی:

لەبەرئەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی لە نێوان دو لایەنی جیاواز لە دو دەوڵەتی جیاواز ئەنجام دەدرێت و هەر لایەنێک ئینتیمای بۆ یاسای وڵاتی خۆی هەیە، ڕەنگە لە داهاتو کێشە دروست بێت لە ئاکامی بونی ئەو گرێبەستە و پەیوەندیە بازرگانییەی کە لە نێوان لایەنەکاندا هەیە، هەر لایەنێکیش بە نسبەت یاسای وڵاتی لایەنەکەی تر ڕەگەزێکی بیانیە (عنصر الاجنبي)، و گرێبەستیش ملکەچە بۆ ئیرادەی لایەنەکان، لایەنەکان دەتوانن بە ویستی خۆیان یاسایەک دیاریبکەن بۆ ئەوەی لە داهاتو لە ئەگەری ڕودانی هەر کێشەیەک ببێتە یاسای جێبەجێکار (قانون واجب التطبيق)، هەر وەک چۆن لە مادەی 25 (1) لە یاسای شارستانی هاتوە کە لایەنەکانی گرێبەست بۆیان هەیە بە ویستی خۆیان یاسایی جێبەجێکار دیاریبکەن کە حوکمی گرێبەستەکەیان بکات، بەڵام لە کاتی نەبونی ڕێککەوتنێکی لەم شێوەیە لە نێوان لایەنەکان ئەوە دەگەڕێنەوە بۆ یاسایی شوێنی نیشتەجێبون ئەگەر لایەنەکان شوێنی نیشتەجێبونیان هاوبەش بو بەلام ئەگەر شوێنی نیشتەجێبونیان هاوبەش نەبو ئەوە دەگەڕێنەوە بۆ یاسای ئەو شوێنەی گرێبەستەکەیان تێدا ئەنجامداوە (يسري على الالتزامات التعاقدية قانون الدولة التي يوجد فيها المواطن المشترك للمتعاقدين إذا اتحدا موطنا، فإذا اختلفا يسري قانون الدولة التي تم فيها العقد، هذا ما لم يتفق المتعاقدان أو يتبين من الظروف ان قانونا آخر يراد تطبيقه) (یاسای شارستانی عێراقی، 1951).

لێرەدا کاریگەری ئەو کەموکوڕیانەی لە یاسایی عێراقی هەیە بە ڕونی بەدیاردەکەوێت ئەگەر لایەنەکان ئاماژەیان بەوە دابو لە کاتی ڕودانی هەر گرفتێک یاسای عێراقی دەبێتە یاسایی جێبەجێکار، لە کاتێکدا یاسای عێراقی هەڵوێستێکی نادروست و نالۆژیکی هەبو لەمەڕ هەڵوەشاندنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی کە ڕێک پێچەوانەی هەڵوێستی ستانداردی جیهانی UCP 600ە، چونکە هەروەک باسمان کرد ئەگەر لایەنەکان لە بیریان کردبو باسی هەڵوەشانەوەی قەواڵەکە بکەن ئەوە بەپێی یاسای عێراقی قەواڵەکە لە هەمو کاتێکدا دەکرێت هەڵبوەشێتەوە بەبێ پرسکردن بە لایەنی بەرامبەر یان ئەو لایەنەی قەواڵەکە لە بەرژەوەندی ئەو کراوەتەوە، کە لێرەدا قەواڵەکە هیچ گرەنتیەک و متمانەیەک دروست ناکات بۆ سودمەند، کە لە بنەڕەتەوە خۆی بۆ مەبەستی دروستبونی متمانە ئەنجامدراوە لە نێوان لایەنەکان. بەڵام ستانداردی جیهانی UCP 600 لەم ڕوەوە هەڵوێستەکەی دروست و لۆژیکییە و ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر لایەنەکان باسیان نەکردبو کە قەواڵەکە دەکرێت هەڵبوەشێتەوە ئەوە مانای وایە ئەو قەواڵەیە توانای هەڵوەشانەوەی نییە تاک لایەنە بە پێچەوانەی هەڵوێستی یاسای بازرگانی عێراقی.

کەواتە لە ڕوی واقعیەوە کێشەیەکی گەورە دروست دەبێت و ڕەنگە زیانی گەورە بەو لایەنە بگەیەنێ کە قەواڵەکە لە بەرژەوەندی ئەو کراوەتەوە (سودمەند)، ئەگەر لایەنەکان ڕێککەوتن کە یاسایی جێبەجێکار یاسایی عێراقی بێت و باسی هەڵوەشانەوەیان نەکردبێت.

سەرباری ئەوەی باسکرا ئەمە لە کاتێکدایە کە هەندێک لە وڵاتان لە یاسایەکەیاندا ئاماژەییان بەوە کردوە بۆ بابەتی متمانەپێدراوی قەواڵەیی دەگەڕێننەوە بۆ UCP 600 بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە ڕێکخستنێکی تێروتەسەلیان بۆ متمانەپێدراوی قەواڵەیی نەکردوە وەک یاسای بازرگانی سوری کە مادە ٢٤١ ئاماژە بەوە دەکات (لە بابەتی

متمانەپێدراوی قەواڵەیی لایەنەکان ملکەچ دەبن بۆ بنەماکانی دابی نێودەوڵەتی (UCP 600) کە لەلایەن ژوری بازرگانی نێودەوڵەتییەوە دەردەچێت) (تخضع الاعتمادات المستندية الى القواعد والاعراف الموحدة الصادرة بهذا الصدد عن غرفة التجارة الدولية) (یاسای بازرگانی سوری، 2007). ئەمەش واتە ئەگەر لایەنەکانی بازرگانی نێودەوڵەتی ڕێککەوتن کە یاسای جێبەجێکار لە بابەتی متمانەپێدراوی قەواڵەیی یاسای سوری بێت ئەوە ڕاستەوخۆ دەگەڕێنەوە بۆ جێبەجێکردنی ستانداردی جیهانی UCP 600، بەڵام هیچ دەقێکی لەم شێوەیە لە یاسای بازرگانی عێراقیدا بونی نییە کە باس لە گەڕانەوە بکات بۆ بنەماکانی دابی ژوری بازرگانی نێودەوڵەتی (UCP 600) لە بابەتی متمانەپێدراوی قەواڵەیی، ئەوەش واتای ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر لایەنەکان یاسای عێراقیان وەک یاسای جێبەجێکار دیاری کردبو ئەوە یاسای بازرگانی عێراقی هیچ ئاماژەیەکی گەڕانەوە بۆ سەر ستانداردی جیهانی (UCP 600) کە لە لایەن ژوری بازرگانی نێودەوڵەتییەوە دەردەچێت تێدا نییە و ئەگەری جێبەجێنەکردنی بنەماکانی ستانداردی ژوری بازرگانی نێودەوڵەتی (UCP 600) زیاتر دەکات.

جێگای ئاماژەیە یاسای بازرگانی عێراقی ئاماژە بەوەش ناکات لە کاتی نەبونی دەقێک لەبواری متمانەپێدراوی قەواڵەیی ئەوە دەگەڕێنەوە بۆ سەر بنەماکانی دابی نێودەوڵەتی کە لەلایەن ژوری بازرگانی نێودەوڵەتییەوە دەردەچێت. بۆ نمونە یاسادانەری قەتەری لە مادده ٣٩٩ لە یاسای بازرگانی قەتەری ئاماژە بەوە دەکات (لە کاتی نەبونی هەر دەقێک لە یاسای بازرگانی قەتەری دەربارەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی ئەوە دەگەڕێنەوە بۆ بنەماکانی دابی نێودەوڵەتی کە لەلایەن ژوری بازرگانی نێودەوڵەتییەوە دەردەچێت) (تسري فيما لم يرد بشأنه نص في هذا الفرع، القواعد الموحدة للاعتمادات المستندية الصادرة عن غرفة التجارة الدولية) (یاسای بازرگانی قەتەری، 2006 ). هەروەها یاسای چالاکی بازرگانی لیبی لە مادده ٧٥١ هەمان هەڵوێستی یاسای بازرگانی قەتەری دوبارەکردۆتەوە لە کاتی نەبونی هەر دەقێک لە یاسای چالاکی بازرگانی لیبی دەربارەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی ئەوە دەگەڕێنەوە بۆ بنەماکانی دابی نێودەوڵەتی (UCP 600) کە لەلایەن ژوری بازرگانی نێودەوڵەتیەوە دەردەچێت (تطبق على الاعتمادات المستندية القواعد والاعراف الدولية المحدة فيما لم يرد بشأنه نص خاص) (یاسای چالاکی بازرگانی لیبی، 2010).

## ٣. شوێنەوارەکانی هەڵوەشانەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی:

متمانە پێدراوی قەواڵەیی کە توانای هەڵوەشاندنەوەی نییە بەکارهێنانی زۆرترە و باوترە لە بازرگانی نێودەوڵەتیدا، لەبەرئەوەی گرەنتی فرۆشیار (ئەو کەسەی لە بەرژەوەندی ئەو قەواڵەکە کراوەتەوە) دەکات، هەر کات دۆکۆمێنتەکانی پێشکەش بە بانک کرد بە شێوەیەکی یاسایی مافی خۆیی وەردەگرێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر قەواڵەکە توانای هەڵوەشاندنەوەی هەبو گرەنتی وەرگرتنەوەی مافی فرۆشیار کەمترە بۆیە ئەم جۆرە قەواڵەیە بەکارهێنانی کەمترە (Yu, 2020, 14). لێرەدا شوێنەواری ئەو قەواڵەیەی کە دەکرێت هەڵبوەشیتەوە لەسەر هەر یەک لە بانک و فرۆشیار و کڕیار دەخەینەڕو بەم شێوەی خوارەوە:

### ١.٣ شوێنەواری هەڵوەشاندنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی لەسەر بانک:

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەگەر قەواڵەکە بکرێت هەڵبوەشێتەوە ئەوە بانک هیچ بەرپرسیارەتێکی لەسەرشان دروست نابێت بەرامبەر بە سودمەند کە قەواڵەکە لە بەرژەوەندی ئەو کراوەتەوە و هەر کات بیەوێ لە خۆیەوە دەتوانێ قەواڵەکە هەڵبوەشێنێتەوە یان هەمواری بکات، هەروەک لە مادده ٢٧٦ (١) لە یاسای بازرگانی عێراقی ئاماژەی پێکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا برگە (٢) لە هەمان مادده ئاماژە بەوە دەکات (هەتاوەکو قەواڵەکە توانای ئەوەشی هەبێت هەڵبوەشێتەوە بەڵام ئەگەر سودمەند ئەو کەسەی قەواڵەکە لەبەرژەوەندی ئەو کراوەتەوە هەستا بە پێشکەشکردنی دۆکۆمێنتەکان بە شێوەیەک هاوتا بێت لەگەڵ ئەو مەرجانەی لە گرێبەستی متمانەپێدراوی قەواڵەیی هاتوە، لە ماوەی گرێبەستەکەدا پێش ئەوەی داوای هەڵوەشانەوەی قەواڵەکە بکرێت ئەوە بانک و ئەو کەسەی کە داوای کردنەوەی قەواڵەکەی کردوە بەرپرس دەبن لەبەرامبەر سودمەند) (اذا قدمت المستندات التي فتح الاعتماد بسببها وكانت مطابقة لبيانات شروط عقد الاعتماد خلال مدة العقد وقبل طلب الغاء الاعتماد يكون المصرف والامر مسؤولين تجاه المستفيد) (یاسای بازرگانی عێراقی، 1984).

ئەمەش واتای ئەوەی دەگەیەنێت ئەگەر هاتو سودمەند دۆکۆمێنتەکانی پێشکەشی بانک کرد و داوای مافی خۆی کرد، بەڵام پێش وەختە داواکاریەک پێشکەش بە بانک کرابو یاخود بانک هەر لە خۆیەوە قەواڵەکەی هەڵوەشاندبۆوە ئەوە سودمەند توانای ئەوەی نابێت ئەو برە پارەیە وەربگرێت کە لە قەواڵەکەدا هەیە. بەڵام ئەم بابەتە باس نەکراوە لەلایەن UCP 600 لەبەرئەوەی بە پێویستی نەزانیوە باسی بکات و ستانداردی جیهانی بۆ دابرێژێت لەبەرئەوەی ئەگەر قەواڵە توانای ئەوەی هەبێت بانک لە هار کاتێک بیەوێت هەڵیبوەشێنێتەوە بون و نەبونی وەک و یەکە، هیچ گرەنتیەکی ئەوتۆ دروست ناکات، هەروەها ئەو جۆرە قەواڵەیە بەکارهێنانی کەمە یاخود دەکرێ بڵێین نییە، چونکە ترس و دڵەڕاوکێی لایەنەکانی بازرگانی نێودەوڵەتی نارەوێنێتەوە. بۆیە ژۆری بازرگانی نێودەوڵەتی خۆی دور خستوە لە ڕێکخستنی تاوەکو لایەنەکانی بازرگانی نێودەوڵەتی (هاوردەکار و هەناردەکار) بەکارینەهێنن و لە داهاتودا کێشەیان بۆ دروست نەبێت (Roberto, 2009, 200).

### ٢.٣ شوێنەواری هەڵوەشاندنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی لەسەر فرۆشیار (سودمەند):

بە پێچەوانەی یاسای بازرگانی عێراقی مادده (٢) لە UCP 6OO پێناسەی سودمەند دەکات و ئاماژە بەوە دەکات (سودمەند ئەو کەسەیە کە قەواڵەکە لە بەرژەوەندی ئەو کراوەتەوە) "beneficiary means the party in whose favour a credit is issued" (UCP 600, 2007). بۆیە فرۆشیار زۆرجار بەرامبەر ناردنی کەلوپەلەکانی بۆ وەرگرتنی مافی خۆی داوا لە کڕیار دەکات کە لە بەرژەوەندی ئەو قەواڵەیەک بکاتەوە ( Thanuja, 2011, 20). سەبارەت بە سودمەند ئەگەر هاتو قەواڵەکە توانای ئەوەی نەبێت هەڵبوەشێتەوە ئەوە بانک ناتوانێت بە بێ گەڕانەوە بۆ سودمەند و وەرگرتنی ڕەزامەندی کەسی سودمەند قەواڵەکە هەڵوەشێنێتەوە، ئەوەش گرەنتی بە

سودمەند دەبەخشێت کە مافەکەی پارێزراوە. هەروەک چۆن لە مادده ٢٧٧ (١) لە یاسایی بازرگانی هاتوە (پابەندبونی بانک لە حاڵەتی متمانەپێدراوی قەواڵەیی کە توانای هەڵوەشانەوەی نەبێت ڕەهایە و ڕاستەوخۆیە بەرامبەر سودمەند و هەمو هەڵگرێکی نیەت پاکی پەڕاوی بازرگانی ڕاکێشراو بۆ جێبەجێکردنی ئەو گرێبەستەی کە بەهۆیەوە قەواڵەکە کراوەتەوە) (يكون التزام المصرف في حالة الاعتماد المستندي غير القابل للالغاء قطعيا ومباشرا تجاه المستفيد وآي حامل حسن النية للورقة التجارية المسحوبة تنفيذا للعقد الذي فتح الاعتماد بسببه) (یاسایی بازرگانی عێراقی، 1984).

هەروەها لە برگە (٢) هەمان مادە هاتوە (ئەگەر قەواڵەکە توانای هەڵوەشانەوەی نەبێت ئەوە ناکرێت بەبێ ڕەزامەندی لایەنەکان هەڵبوەشێتەوە یاخود هیچ هەموارکردنەوەیەکی لێ ڕوبدات) (لا يجوز الغاء الاعتماد المستندي البات او تعديله الا باتفاق جميع ذوي الشأن فيه) (یاسای بازرگانی عێراقی، 1984). هەروەها مادده ١٠ لە UCP 600 هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە ڕێگانادات قەواڵە هیچ هەموارکردنەوەیەکی لێ ڕوبدات بەبێ ڕەزامەندی سودمەند و بانک و ئەو کەسەشی داوای کردنەوەی قەواڵەکەی کردوە. کەواتە دەکرێت بڵێین هەڵوەشانەوەی قەواڵە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سودمەند دەبێت چونکە لە بنەڕەتدا قەواڵەکە لە بەرژەوەندی ئەو کراوەتەوە بۆ ئەوەیە بەبێ ترس بتوانێ کاری بازرگانی خۆی ئەنجامبدات. بۆیە ئەگەر قەواڵەکە توانای هەڵوەشانەوەی نەبێت ئەوە گرەنتیەکی زیاتر بە سودمەند دەبخشێت و ڕێگر دەبێت لەبەردەم ئەوەی لە داهاتودا قەواڵەکە بەبێ ئاگاداری و پرسی ئەو هەموار بکرێتەوە یاخود هەڵبوەشێتەوە (Schulze, 2009, 231-233).

### ٣.٣ شوێنەواری هەڵوەشاندنەوەی متمانە پێدراوی قەواڵەیی لەسەر کریار یان داواکاری کردنەوەی قەواڵەکە

بە پێچەوانەی یاسای بازرگانی عێراقی کە پێناسەی داواکاری نەکردوە مادده (٢) لە UCP 6OO پێناسەی داواکار دەکات و ئاماژە بەوە دەکات (داواکار ئەو کەسەیە کە لەسەر داوای ئەو قەواڵەکە کراوەتەوە) “Applicant means the party on whose request the credit is issued.” (UCP 600, 2007). واتە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی کردنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەی دەگەڕێتەوە بۆ داوایەک کە پێشکەش بە بانک دەکرێت تێدا داواکار داوای کردنەوەی قەواڵەیەک دەکات لەبەرژەوەندی سودمەند، داواکار یاخود کریار ئەگەر قەواڵەکە توانای ئەوەی هەبێت هەڵبوەشێتەوە ئەوە بۆی هەیە لە هەر کاتێک داوا لە بانک بکات کە قەواڵەکە هەڵبوەشێنێتەوە هەر وەک لە مادە ٢٧٦ (١) لە یاسای بازرگانی عێراقیدا هاتوە پێشتر ئاماژەمان پێدابو. واتە لێرەدا داواکار دەسەڵاتی هەڵوەشانەوەی قەواڵەکەی دەبێت هاوتای بانک چونکە پێشتر ئاماژەمان بەوەدا بانکیش بۆی هەیە قەواڵەکە هەمواربکات یان هەڵبوەشێنێتەوە ئەگەر قەواڵەکە توانای ئەوەی هەبێت هەڵبوەشێتەوە. بەڵام هەروەک ئاماژەمان پێکرد UCP 600 وەک ستانداردی جیهانی خۆی بە دورخستۆتەوە لە باس کردنی بابەتێکی لەم چەشنە چونکە خودی متمانە پێدراوی قەواڵەیە بۆ پێدانی گەرەنتیە بە سودمەند، بۆیە لە باریکی ئەوهادا هیچ گەرەنتیەک بۆ خودی سودمەند نامینێتەوە.

## کۆتایی

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بە کۆمەڵێک دەرئەنجام و چەند پێشنیارێک خراونەتەڕو کە بریتین لە مانەی خوارەوە:

### یەکەم- دەرئەنجامەکان:

١. متمانەپێدراوی قەواڵەیی ئامرازێکی گرنگی بانکییە کە لایەنەکانی بازرگانی نێودەوڵەتی پەنای بۆ دەبەن بۆ ڕواندنەوەی ترسەکانیان و نەمانی دڵەڕاوکێیان لە ئەنجامدانی کاری بازرگانیان.

**٢.** هەڵوەشاندنەوەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر سودمەند بە شێوەیەک نابێتەهۆی پێدانی گرەنتی پێی لەبەرئەوەی بانک هەر لەخۆیەوە یان لەسەر داواکاری ئەو کەسەی کە داوای کردنەوەی قەواڵەکەی کردوە هەر کات بیەوێ قەواڵەکە هەڵبوەشێنێتەوە یاخود هەمواری بکات.

٣. بۆمان دەردەکەوێت لە حاڵەتی نەبونی ڕێکەوتن لەبنەڕتدا وەکو (أصل) متمانەپێدراوی قەواڵەیی لەیاسای بازرگانی عێراقی توانای هەڵوەشانەوەی هەیە، بەڵام لەحاڵەتی نەبونی ڕێکەوتن لە بنەماکانی UCP 600 توانای هەڵوەشانەوەی نییە.

٤. بەشێوەیەکی گشتی لە جیهان ئەو قەواڵەیە بەکارهێنانی کەمە کە توانای هەڵوەشانەوەی هەبێت ئەوەش بە ڕونی دەبینرێت لە هەڵوێستی UCP 600 وەک ستانداردی جیهانی کە خۆی بە دور گرتوە تەنانەت لە باسکردن و ڕێکخستنی قەواڵەیەک کە توانای هەڵوەشانەوەی هەبێت بە پێچەوانەی یاسادانەری عێراقی، لەبەرئەوەی ئەگەر قەواڵەیەک توانای هەڵوەشاندنەوەی هەبێت هیچ گرەنتیەک بە سودمەند نابەخشێت کە لە بنەڕەتدا قەواڵەکە بۆ بەخشین گرەنتی بە سودمەند کراوەتەوە.

٥. بۆمان دەردەکەوێت کە بنەماکانی UCP 6OO بەپێچەوانەی یاسادانەری عێراقی لە کاتی پێناسەکردنی متمانەپێدراوی قەواڵەیی وشەی بەڵێنی بەکارهێناوە نەوەک گرێبەست.

٦. لە یاسای بازرگانی عێراقی هیچ دەقێک نییە ئاماژە بەوە بکات لە بابەتی متمانەپێدراوی قەواڵەیی یاسای جێبەجێکار بریتی دەبێت لە بنەماکانی دابی نێودەوڵەتی (UCP 6OO) کە لەلایەن ژوری بازرگانی نێودەوڵەتییەوە دەردەچێت.

٧. بە پێچەوانەی یاسای قەتەری و لیبی یاسای بازرگانی عێراقی ئاماژەی بەوە نەکردوە لە کاتی نەبونی دەقێک یان بۆ شایەکی یاسایی لە یاسای بازرگانی عێراقی سەبارەت بە متمانەپێدراوی قەواڵەیی دەگەڕێنەوە بۆ ستانداردی جیهانی UCP 600 بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاساییە.

### دووەم- پێشنیارەکان

١. ئەم توێژینەوەیە پێشنیاری ئەوە دەكات سەرجەم ئەو كەموكوڕییانەی لە یاسای بازرگانی عێراقیدا بونیان هەیە نەهێڵدرێت و هاوتا بكرێت بە ئەو دەقانەی كە لە ستانداردی جیهانی (UCP 600) هاتوە دەربارەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی.

٢. ئەو توێژینەوەیە پێشنیاری هەمواركردنەوەی مادده ٢٧٥ (٢) لە یاسای بازرگانی عێراقی دەكات بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ مادده ٣ لە ستانداردی جیهانی UCP 600 و تێدا ئاماژە بەوە بكرێت ئەگەر لایەنەكان ئاماژەیان بەوە نەكردبو كە قەواڵەكە توانای هەڵوەشانەوەی نییە مانای وایە ئەو قەواڵەیە ناكرێت هەڵبوەشێتەوە، چونكە هەڵوێستی ئێستای یاسادانەری عێراقی پێچەوانەی بنەماكانی دادپەروەری و ستانداردی جیهانی و مەنتقە كە دەڵێت ئەگەر لایەنەكان ئاماژەیان بەوە نەكرد بو كە ئەو قەواڵەیە توانای هەڵوەشاندنەوەی نییە واتە ئەو قەواڵەیە دەكرێت هەڵبوەشێتەوە.

٣. پێویستە لەسەر یاسادانەر ڕەچاوی پێشكەوتنی سەردەم بكات لە كاتی هەمواركردن و داڕشتنی هەر یاسایەك بە تایبەتی یاسایەكی گرنگی وەك یاسایی بازرگانی بۆیە پێویستە لەسەر ئەو لایانانەی كە پرۆژە یاسا پێشكەش بە پەرلەمان دەكەن تێدا داوای هەمواركردنەوەی یاسای بازرگانی دەكەن پێداویستی وڵات و پێشكەوتنی جیهانی لەبەرچاوبگرن.

٥. یاسادانەری عێراقی لە بابەتی متمانەپێدراوی قەواڵەیی پێویستە زیاتر وردبێتەوە و چەمكەكان ڕون بكاتەوە و لایانەكانی قەواڵەكە دیاریبكات و ئەرك و مافیان بخاتەڕو كە لە ئێستادا نابینین باسی ئەرك و مافی سودمەند یاخود داواكار یاخود بانك بە ڕونی كرابێت.

٦. پێشنیار دەكەین بۆ یاسادانەری عێراقی كە هەمان ڕێچكەی بنەماكانی UCP 600 بگرێتەبەر لەكاتی پێناسەكردنی بۆ متمانەپێدراوی قەواڵەیی ئەویش وای دابنێت كە (بەڵێنەكە) بانك دەیدات بە سودمەند، نەوەك گرێبەست بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ بنەماكانی ستانداردی جیهانی.

٧. پێشنیار دەكەین بۆ یاسا دانەری عێراقی لە یاسای بازرگانیدا ئاماژە بەوە بكات لە بابەتی متمانەپێدراوی قەواڵەیی یاسای جێبەجێكار بریتی دەبێت لە بنەماكانی دابی نێودەوڵەتی كە لەلایەن ژوری بازرگانی نێودەوڵەتییەوە دەردەچێت (UCP 600)، چونكە ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان لە بابەتی متمانەپێدراوی قەواڵەیی پشت بەو بنەمایانە دەبەسترێت.

٨. پێشنیار دەكەین بۆ یاسا دانەری عێراقی لە یاسای بازرگانیدا ئاماژە بەوە بكات یاخود ڕێگا بدات بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ئەو بنەمایانە كە لە (UCP 600) هاتوە لە كاتی نەبونی دەقێك لە یاسای بازرگانی عێراقی دەربارەی متمانەپێدراوی قەواڵەیی هەروەك چۆن لەیاسای قەتەری و لیبیدا هاتوە.

٩. پێشنیار دەكەین ڕۆشنبیری یاسایی و چالاكی جۆراجۆر ئەنجامبدرێت لەلایەن وەزارەتی بارزرگانی بۆ ئەو كەسانەی كاری بازرگانی نێودەوڵەتی ئەنجامدەدەن بۆ ئەوەی لە گرینگی و هەمان كات مەترسییەكانی متمانەپێدراوی قەواڵەی ئاگاداربن بۆ ئەوەی لە داهاتو توشی كێشە نەبن.

١٠. پێشنیار دەكەین بۆ ئەو كەسانەی كاری بازرگانی نێودەوڵەتی ئەنجام دەدەن ئەگەر مەبەستیان ئەوە نەبو و نەیان دەویست قەواڵەكە بكرێت هەڵبوەشێتەوە لە هەر كاتێكدا ئەوە بە ڕونی لە گرێبەستەكەیان و خودی قەواڵەكە ئاماژەی بۆ بكەن ئەو قەواڵەیە توانای هەڵوەشانەوەی نییە بە تایبەتی ئەگەر یاسای جێبەجێكار یاسای عێراقی بو بۆ ئەوەی دور بن لە هەر گرفتێک لە داهاتودا.

١١. پێشنیار دەكەین بۆ ئەوانەی سەرقاڵی كاری بازرگانی نێودەوڵەتین لە بابەتی دیاریكردنی یاسای جێبەجێكار بەسەر متمانەپێدراوی قەواڵەیی ستانداردی جیهانی UCP 600 دیاری بكەن بۆ ئەوەی ڕو بەڕوی هیچ كێشەیەكی یاسایی یان بۆ شایەكی یاسایی نەبنەوە بۆ چارەسەر كردنی كێشەكانیان. لەبەر ئەوەی UCP 600 لە جیهاندا لە لایەن زۆربەی وڵاتان و ئەوانەی سەرقاڵی كاری بازرگانین بەكاردێت و بە شێوازێكی پێشكەوتو دارێژراوە. و ئەگەر یاسایەكی تریان دیاركرد بۆ ئەوەی جێبەجێبكرێت بەسەر قەواڵەكە، ئەوە لێی وردببنەوە بە تایبەتی لە بابەتی هەڵوەشانەوەی قەواڵەكە بۆ ئەوەی توشی زەرەر و زیان نەبن لە داهاتودا.

# The Cancellation of Documentary Credit in Iraqi Trade Law Compared to the Standards of the International Chamber of Commerce (UCP 600)

**Ali Taha Akrem[1] - Younis Othman Ali[2]**

[1+2] Department of Law, College of Law, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

This research is about (the cancellation of documentary Credit in Iraqi Trade law compared to the standards of the International Chamber of Commerce (UCP 600)). It is an analytical and comparative study, it is a scientific attempt that sheds light on how to cancel the documentary credit and its impact and effects in accordance with international standards in the International Chamber of Commerce (UCP 600), and compares it with the Iraqi Trade Law to identify deficiencies in Iraqi law. In order to be able in the near future to complete the legal deficiencies in Iraqi law and to comply with international standards .

Documentary credit is an important method in the field of international trade that makes commercial movement fast between countries and eliminates fear and anxiety among merchants and those doing business because fear and anxiety ultimately slow down commercial activity. Undoubtedly, the law must take its course to regulate these activities in the best manner.

Also, in the end, this research presents a set of results and suggestions, such as the solution to readers and researchers, which must be taken into account upon amending the Iraqi Trade law in the future.

**Key words:** Documentary Credit, UCP 600, International Chamber of Commerce, Iraqi Trade Law, Cancellation

# سەرچاوەکان


ياملكي أكرم. (٢٠١٢). القانون التجاري (دراسة مقارنة في الاعمال التجارية والتاجر والعقود التجارية والعمليات المصرفية والبيوع الدولية. منشورات جامعة جيهان، أربيل، العراق.

صالح باسم محمد (1987). القانون لتجاري: القسم الاول النظرية العامة، التاجر العقود التجارية، العمليات التجارية، القطاع الاشتراكي. دار الحكمة، بغداد.

أمين خالص نافع (٢٠١٠). مسؤولية المصرف في مواجهة المستفيد بموجب عقد الاعتماد المستندي . مجلة الكوفة للعلوم القانونية و السياسية, (٧), ص 154–112.

الجوراني خالص حميد حمزة (2017). عقد الاعتماد المستندي (دراسة مقارنة). مجلة كلية الحقوق/جامعة النهرين، (19)، ص ٢٥٧-٢٧٤

العيساوي عامر مراد العيساوي و فاضل راضي حمد. (٢٠١٨). الغش وأثره على الاعتماد المستندي. مجلة معين. العدد(١).

یاسای مەدەنی عێراقی ژمارە ٤٠ ساڵی ١٩٥١

یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە ٣٠ ساڵی ١٩٨٤

یاسای بازرگانی قەتەری ژمارە ٢٧ ساڵی ٢٠٠٦

یاسای بازرگانی سوری ژمارە ٣٣ ساڵی ٢٠٠٧

یاسای چالاکی بازرگانی لیبی ژمارە ٢٣ ساڵی ٢٠١٠

UCP 600 (2007) International Chamber of Commerce

Reinhard Längerich (2009). *Documentary Credits in Practice*.

Scheller , M.J. (2008). *A Guide to International Trade and Letters of Credit*. 1st ed. [online] Sterling National Bank.
Available at: https://www.scribd.com/document/205397656/Guide-to-International-Trade-and-Letters-of-Credit# [Accessed 15 May 2023].

Al Ayub Ahmed, A., Hussain, S., Zukhruf Kurniullah, A., Ramirez-Asis, E., Jamil Mohammed Al-Shamayleh, N. and Julca-Guerrero, F. (2021). Protection Against Letters of Credit Fraud. *Journal of Legal, Ethical and Regulatory Issues*, 24(1), pp.1–11.

Kwaw, E.A. (2021). Strict or Substantial Compliance in Letters of Credit: Crafting Guidelines for Verifying Documentary Compliance. *E-Journal of Law*, 7(1), pp.51–87. doi:https://doi.org/10.51655/ejl.2021.4.

Schwank F. and Wendy Mitchell. (1988). 'Data and the Documentary Credit, *International Financial Law Review*. (7), PP. 33-35

Alavi, H. (2017). Risk Analysis in Documentary Letter of Credit Operation. *Financial Law Review*, 0(0). doi:https://doi.org/10.1515/flr-2016-0021. A research published in East-West Studies Journal of Tallinn University School of Governance, No 9 (2018).

Ibrahim M. Abdulqader and Marwah Firas Abdullah Al-Rawe. (2020). Legal Regulation of Banking: (The Documentary credit as a Case Study). *UUM Journal of Legal Studies*. (1), PP. 644-660.

Ullah Khan, N., and Fareed, M. Nadeem. (2020). Jurisprudential Insight on Principles of Documentary Letter of Credit and Its Impact on International Business Transactions. *Journal of Law and Society*, [online] (76), pp.87–102. Available at: http://journals.uop.edu.pk/papers/5.%20Reviewed%20article%20on%20JURISPRUDENTIAL%20INSIGHT%20ON%20PRINCIPLES%20OF%20DOCUMENTARY%20LETTERS%20OF%20CREDIT%20IN%20GLOBAL%20TRADE%20after%20changes%20(02-02-2021).pdf.

Roberto B. (2000). UCP 600 rules – changing letter of credit business for international traders?. *International Journal of Economics and Business Research*, (2), PP. 191-203.

Roberto B. (2007). Will the UCP 600 Provide Solutions to Letter of Credit Transactions? International Review of Business Research Papers, 3(2), pp.41–53.

Che Hasyim, R. (2016). The UCP 600 Rules in Letter of Credit (LC): Selected Issues. *UUM Journal of Legal Studies*. doi:https://doi.org/10.32890/uumjls.7.2016.4638. available at: https://e-journal.uum.edu.my/index.php/uumjls.

Buckley, R. P. and Gao, X. (2002). Development of the fraud rule in letter of credit law: The journey so far and the road ahead. *University of Pennsylvania Journal of International Law*, (23), pp.663–712.

Yu, S. (2020). Application of letter of credit in international trade. *Financial Forum*, 8(1), p.14-16. doi:https://doi.org/10.18282/ff.v8i1.792.

Thanuja R. (2011). 'UCP 500 to 600: A Forward Movement. *eLaw Journal*, (18), PP. 1-21.

Schulze W G. (2009) 'The UCP 600: A New Law Applicable to Documentary Letters of Credit'. *South African Mercantile Law Journal*, (21), PP. 228-248.